# شارەکان خەریکە بە هەوای تەنیایی خۆیان دەخنکێن

ئاکۆ قادر
(دەربەندیخان)

ئەم کاتەت باش بەڕێز نامۆ
من ئەزانم تۆ چەندە سەرسەختی لە پاراستنی
تەنیاییتدا
نەک نامەیەکم
هاتنی خۆشم تەنیایی تۆ ناشێوێنێ
ئەزانم.. ئەزانم
ئەزانم تۆ بەیانیان و ئێواران خۆت لە سێبەرەکەت
دەشاریتەوە
پێتوایە سێبەرەکەت هاتنی یەکێکی ترە
یەکێکی تر حەشاماتە
سێبەرەکەت هاتنی حەشاماتە
سێبەرەکەت حەشاماتە بەڵێ،
نامەیەک لەو دوورەوە حەشامات نییە
نامەیەک لە منەوە سێبەر نییە
نامەیەک لە منەوە یەکێکی تر نییە
نەخێر بەڕێز
ئەو نامەیە حەشامات نییە
دوور دوور لە نزارانەوە
دوور دوور لەو کێوانەوە هاتووە.
ئەزانم تۆ شەڕ لەگەڵ قەرەباڵغیدا دەکەیت
لە یادمە تۆ ڕۆژێک وتت هەوای شارەکان خەریکە کێوە
تەنیاکان دەخنکێنێت
تۆ لەوێیت بەر لەو هەوایە دەگریت
کێوەکان بێ تۆ ئەخنکێن
مەترسە ئەم نامەیەی من یەکێکی تر نییە
ئەم نامەیە هەوای شارەکان نییە
ئەم نامەیە بێ بەرییە لە من
ئەم نامەیە بێ بەرییە لە شارەکان
ئەم نامەیە هی کێوەکانە
نازانم تۆ چۆن ڕۆژەکان بە سەر دەبەیت
من ڕۆژانە لە نێو قەرەباڵغیدا لەگەڵ یەکێکی تردا
سەیری تیڤی دەکەین!



لە نێو قەرەباڵغیدا لەگەڵ یەکێکی تردا ڕۆژنامە
دەخوێنینەوە!
بەڕێز نامۆ شارەکان ڕۆژنامە دەخوێننەوە و سەما دەکەن

دەخۆنەوەو ڕۆژنامە دەخوێننەوە!
کۆدەبنەوەو ڕۆژنامە دەخوێننەوە
کۆدەبنەوەو سەما دەکەن
ئەوان لە ئاهەنگەکاندان
ئێمە لە ئاهەنگەکانداین
دەخۆینەوەو سەمادەکەین و کامێراکان وێنەمان دەگرن
ئێمە تەماشای تیڤی دەکەین
بەردەوام کۆدەبینەوە و دەمەتەقێ دەکەین
هەست بکەین یەکێک تەنیایەماڵەکەی پڕ دەکەین لە
کامێرا و سەماکەر
ماڵی هەموومان پڕە لە سەماکەر!
هەست بکەین یەکێک تەنیایە باوەشێک مایکی بۆ
دەبەین
ماڵی هەموومان پڕبووە لە مایک!
یەکێک تەنیا بێت
شار دەبەینە ماڵییەوە
شار بە باڵەخانەکانەوە
شار بە چراکانییەوە
شار بە پاسەوان و سواڵکەر و وەزارەتەکانەوە
هەست بکەین یەکێک تەنیایە حکوومەت دەبەینە
ماڵییەوە
ماڵی هەموومان پڕبووە لە باڵەخانە و چرا و پاسەوان و
سواڵکەر و حکوومەت
هەست بکەین یەکێک تەنیایە ئەو کێوانە دەکەینە تکا
سەما بکات
ئەو کێوانە دەکەینە تکا وێنەی بخەینە سەر پەڕەی یەکەمی
ڕۆژنامەکان
کەس لە شارەکاندا نەماوە وێنەی نەچووبێتە سەر پەڕەی
یەکەمی ڕۆژنامەکان
شار بەیانی تا ئێوارە لە ئاهەنگە
شار ئێوارە تا بەیانی لە ئاهەنگە
ئێمە لە شارەکاندا ئۆتۆمبێل و باڵەخانە و سەماکەر و
ڕۆژنامەکانمان کردووە بە سێبەر
کەچی شار بەیانی و سێبەری نییە

کەچی شار ئێوارە و سێبەری نییە
بەڕێز نامۆ شار کەس تێیدا سێبەری نییە
بەڕێز نامۆ شار کەس تێیدا یەکێکی تری نییە
ئاهەنگ و مایکەکان نەبوونەتە سێبەری کەس
شار خۆی نەبووە بە سێبەری کەس
ئەوە نییە شارەکان خۆیان سێبەریان نییە و یەک بەدوای
یەک لە بێ تاقەتیدا دەچن شەڕ بە شارێکی تر
دەفرۆشن کە سێبەری نییە
بەڕێز نامۆ ئەم نامەیە لە گەرمەی ئاهەنگەکاندا بۆنی
تەنیایی شارەکانی هێناوە
بۆنی تەنیایی حەشاماتێکی هێناوە لە گەرمەی
کۆبوونەوەکانیاندا
بەڕێز نامۆ بە تکا لەو کێوانە جێگای تەنیایی شارەکان
بکەرەوە
شارەکان خەریکە بە هەوای تەنیایی خۆیان دەخنکێن
فرسەتی فێربوون ببەخشە بە شارەکان تا بەدوای
سێبەردا نەگەڕێن، ئەوان گوێیان ئاخنراوە بە ڕووناکی
چراکان
چاویان پڕ بووە لە دەنگی مایکەکان بێ ئەوەی کەسێک لە
پشتییەوە وەستا بێت
شارەکان تەنیایی کەسێکیان پڕ نەکردۆتەوە
ئەو کێوانە جێی هەموو شارەکانی تێدا دەبێتەوە!